# بۆچی کۆنفرانسی نەتەوەیی؟

**دیار غەریب**
Diyar_helmet@yahoo.com

ئەمڕۆ جیهان و رۆژهەڵاتی ناوین بە گێژاوێکدا(کائیوس)تێپەڕ دەبن و هەر هێزو لایەنێك لە روانگەی بەرژەوەندیەکانیانەوە لە هەڵپەی ئەوەدان کە بەزیانێکی کەم و دەسکەوتێکی زۆرەوەئەم قۆناغە تێپەڕ بکەن. هەر ئەم هەلومەرجەش وایکردووە کە هێزەکان هەمیشە لە گفتوگۆی ناوخۆییدان و تێزو چارەسەریەکان بەپێی بەرژەوەندیەکان هەڵدەسەنگێنن. کۆنفرانس و کۆنگرە دەبەستن و سەبارەت بەهەر تێزێك کەدەکەوێتە روو، هەڵوێستی خۆیان دیاری دەکەن، بۆنمونە ئەوەتا دەبینین ئەمریکیەکان لەچوار چێوەی ستراتیژیەتێکەوە کەبەرژەوەندی ئەمریکایە سەیری رووداوەکان دەکەن. عەرەبەکان هەروەها، تورکەکان و ئێرانیەکانیش بەهەمان شێوە. لەمەش زیاتر دەبینین شارستانیە جیاوازیەکانیش یاخود ئاین و ئاینزا جیاوازەکانیش خاوەنی کۆڕو کۆبوونەوەی خۆیانن و سەبارەت بەڕووداو پێشهاتەکان خاوەن هەڵوێستی هاوبەشن. بەڵام ئێمەی کورد کە نەتەوەیەکی دابەشکراو داگیرکراوین هەتا ئێستا نەمان توانیوە لە روانگەی بەرژەوەندی نەتەوەییەوە سەیری رووداوەکان بکەین و هەڵیان بسەنگێنین و هەڵوێست وەرگرین. بێگومان هۆکاری سەرەکی ئەمەش ئەوەیە کە کورد بەگشتی (رۆشنبیر، رێکخراو، کەسێتی و هێزە سیاسیەکان)کۆنەبونەتەوە سەر یەکتری و لە زەمینەیەکدا بیرو رای هاوبەش گەڵاڵە ناکەن هەتا ئەم گەڵاڵە نامەیە ببێتە چوار چێوە بۆبەرژەوەندیە نەتەوەییەکانمان. هەربۆیە لەم بارو دۆخەدا سازدانی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی گەڵاڵە کردنی ستراتیژێکی نەتەوەیی گرنگیەکی ژیانی هەیە بۆکوردو ئەرکی سەر شانی رۆشنبیران و رێکخراو و کەسێتی و هێزەسیاسیەکانی کوردستانە بۆ ئەم بابەتە کاری جدی بکەن. رەنگە زۆر کەس پرسیار بکەن و بڵێن ئەم کۆنفرانسە بۆچییە؟ یاخود کارێکی وەها پێویست نییە یان زۆر هێزو لایەن هەیە کەباوەڕیان بەوە نیە کە کارێکی وەها ئەنجام بدرێت و هێزە باڵادەستەکانیش زۆر بەگرنگیەوە لەم ئەرکە ناڕوانن و ئەمەش تاڕادەیەك ئەم ئەرکەی زەحمەتر کردووە. ئەم هەڵوێستانە بێگومان ئەرکەکەی زەحمەتتر کردووە و هۆکارە بۆئەوەی زۆر کەس بەجدی کار بۆ ئەم بابەتەنەکەن. لەبەر ئەمە پێم باشە باس لەهەندێ لایەن و پێداویستی ئەرکێکی بەمرەنگە بکەم، ئەمەش چەند لایەن و بابەتێکی وەها کۆنفرانسێکن

یەکەم: هێزە هەرێمی و جیهانیەکان لەیەك روانگەوە سەیری مەسەلەی کورد دەکەن و ئەو روانگەیەش هەتا ئێستا(نکۆڵیکردنە)لە کوردو لەم چوارچێوەیەشدا هەڵوێستیان بەرامبەر بەکورد نیشان داوە، لەم گێژاوەی ئەمڕۆدا زەمینەی گۆڕانی ئەم سیاسەت و چوارچێوەیە هەیە. بەڵام هاو هەڵوێستی کورد سەبارەت بەکێشەکەی خۆیی و بابەتە ستراتیژیەکان رۆڵی سەرەکی دەبینێت لەم وەرچەرخانەدا .

دووەم : مەسەلەکانی وەکو(تیرۆر، دیموکراتی، جیهانگیری، تاك و کۆمەڵگا، نەتەوەو نەتەوەیی بوون و....هتد)کە کۆمەڵە چەمکێکن، پێویستیان بە پێناسەو تێڕوانینی ئێمەی کورد هەیەو تێڕوانینی هاوبەش بۆ ئەم چەمکانە کورد بەهێز دەکات و تێڕوانینی جیاواز بۆ ئەم مەسەلانە کورد لاواز دەکات و ئەمەش زەمینەی بەردەوامبوونی سیاسەتی(نکۆڵیکردن)لە کوردو کێشەکەی لەبار دەکاتوگەیشتن بەپێناسەی هاوبەش و ستراتیژی هاوبەش کۆنفرانسێکی نەتەوەیی پێویستە.

سێیەم : ئەمڕۆ کێشەی کورد لەباشووری کوردستان و پاراستنی دەسکەوتەکانی باشوور بابەتێکی سەرەکی کوردەو تێکدانی ئەم بارودۆخەو لەباربردنی دەسکەوتەکانیش بابەتی سەرەکی نەیارانی کوردە. بێگومان نەیارانی کورد لەزۆر خاڵدا کەتایبەتە بەکورد و دەسکەوتەکانی تێڕوانینیان وەکو یەکە. بەڵام تێڕوانینی کورد بەگشتی وەکو یەك نیە، یاخود زۆر نزیکی یەك نین. پاراستنی ئەم دەسکەوتانەش ئەرکی هەموو کوردستانییەکە و هێزە کوردستانیەکانەوبەتەنیا ئەرکی سەرشانی کوردی باشوور یاخود هێزەکانی باشوور نییە. ئەمەش خاڵێکی سەرەکیەو پێویستی بەنەخشەیەك هەیەوداڕشتنی ئەم نەخشەو جێ بەجێ کردنی پێویستە سەرجەم هێزە کوردستانیەکان بەشداری تێدا بکەن.

چوارەم : کێشەی کورد لەباکووری کوردستان بەگشتی و ئاگربەستی KKKو بوونی هێزی پاراستنی گەل(HPG)لە چیاکانی باشووری کوردستاندا بابەتێکی گرنگەو تەنیا کوردی باکورپەیوەندی دارناکات. بەڵکو سەرجەم گەلی کوردستان و هەرێمەکەش پەیوەندیدار دەکات. ئەمەش پێویستی بەچوارچێوەیەکی گشتی هەیەو دەبێت سەرجەم هێزە کوردستانیەکان لەبەرامبەر ئەم بابەتانە خۆیان بەرپرسیار ببینن و(KKK)ش کراوەبێت بۆداڕشتنی چوارچێوەیەکی هاوبەش سەبارەت بەم مەسەلانە کەلە خزمەتی بەرژەوەندی گەلی کوردستاندا بێت.

پێنجەم : کێشەی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستاندا چۆن چارەسەربێت و رۆڵی هێزەکانی رۆژهەڵات چییەو هێزە کوردستانییەکان بەگشتی چ ئەرکێك دەکەوێتە سەر شانیان ولەم هەلومەرجەدا کەباس لەگۆڕانکاری لەئێرانیشدا دەکرێت پێویستە ستراتیژی کوردچی بێت سەبارەت بەو پارچەیەی کوردستان و ئێران. ئەمانە و زۆر کێشەی تر کە کوردلەرۆژهەڵات رۆژانە رووبەروی دەبێتەوە سازدانی کۆنفرانسێکی نەتەوەیی دەکاتە ناچاری.

شەشەم : کورد لەرۆژئاوای کوردستان پێگەی چیە لەستراتیژی کورد بەگشتیدا، چۆن کێشەکەی چارەسەر دەبێت و ئەرکی هێزەکانی ئەو پارچەیە چییە، چ مۆدێلێکی چارەسەری پێویستە بۆ ئەو پارچەیەو کوردی پارچەکانی تر رۆڵیان و ئەرکیان بەرامبەر بەکوردی ئەو پارچەیە چییە، پێویستە دیاری بکرێت و ئەمەش بابەتی کۆنفرانسێکی بەو شێوەیەیە.

حەوتەم : دارشتنی ستراتیژێکی هاوبەش بۆ پەیوەندی و هاوپەیمانی لەگەڵ دەوڵەت و هێزە هەرێمی و جیهانیەکان بابەتێکی تری سەرەکییە بۆ کورد و کۆنفرانسێکی وەها دەتوانێت دایبرێژێت.

ئاشکرایە ئەرکی تریش هەیە کە کۆنفرانس بتوانێت بیکاتە بابەتی گفتوگۆ و بریاردان لەسەری. بەڵام ئەم کۆنفرانسە چۆن سازبدرێت و بتوانێت ببێتە ئەو ئیرادەیەی کە لەسەر ئەم بابەتە چارەنوس سازانە بریار بدات. ئەوەش بۆ خۆی بابەتێکی بەبایەخە.ئەوەی دیارە وەکو لەسەرەتاشدا باسمان کرد هەندێ هێزو لایەن زۆر بەگەرمی پێشوازی لەکارێکی وەها ناکەن. هەندێکیشیان باوەریان بەسەرکەوتنی پرۆژەیەکی بەو شێوەیە نییە، راستە ئەم هەڵوێستانە ئەم ئەرکە قورستر دەکەن، بەڵام ئەوەی سەرکەوتنی کارێك دیاری بکات ئەورۆژەڤەیەکە کاری لەسەر دەکرێت. لەگەڵ ئاستی بەرپرسیارێتی ئەو کەس و لایەنانەی کە کاری بۆ دەکەن. وەکو بابەت باسمان کرد ئەو بابەتانە بۆ کورد بابەتی ژیانین، بەڵام ئەوەی ماوەتەوە ئەوەیە ئایا کەس خۆی دەخاتە ژێر ئەم بارەوە؟

لە رابردوودا ئەو ئەزمونەمان وەرگرتووە کە ئەو کارەی پارتێك یان چەند هێزێك پێیهەستن و مۆرکی خۆیانی لێبدەن ئەوا ناتوانن گشتگیربێت، ئەمەش وامان لێدەکات بڵێین کە دەبێت دەسپێشخەری لەلایەنی رۆشنبیرانەوە بێت و لەلایەنی پارت و هێزە سیاسیەکانەوە نەبێت، واتە پێویستە رۆشنبیران پێشنیارێك گەڵاڵە بکەن و بانگێشتی پارت و رێکخراو و کەسێتیە جەماوەریو سیاسیەکان بکەن. رۆشنبیران دەبێت لەم ئەرکەدا پێشەنگایەتی بکەن و چاوەروانی هێزە سیاسیەکان نەبن کە رەنگی سەوزیان نیشان بدەن، لەمە زیاتر پێویستە لەرێگەی کۆرو کۆبوونەوە و فشاربخەنە سەر هێزە سیاسیەکان و ناچاریان بکەن کە هەڵوێستی راست نیشان بدەن و هاوکاری بکەن بۆ سەرخستنی پرۆسەیەکی بەمشێوەیە.